

# دەستێک هەیە!!

عمری خطاط
omerxatat@yahoo.com

دەستێک هەیە دێت و دەچێ، زۆر بزێوەو دەتوانێت هەڕەشە لە ئەزموونێک بکات. ئەم دەستە هەمیشە تێکدەر بووەو لە ڕیزەکانی تابووری پێنج و تیرۆریستاندا تاریف کراوە. ئەم دەستە تواناو کاریگەری ئەفسانەیی هەیە، دەتوانێت خەڵک بخاتە سەر جادە، شیعاریان بداتە دەست و ڕێکیان بخات، خەڵکی بێداربکات و پاڵیان پێوە بنێت کە دۆخێک بگۆڕن.

دەسەڵات دەڵێ کە ئەم دەستە تیرۆریستەو تێکدەرەو دەبێ بە هەموو لایەک بەدژی بوەستین. بەڵام ئەم دەستە نە پێناسەیەکی هەیەو نە ڕوخسار، هەربۆیە دەسگیرکردنی زەحمەتە. ئەم دەستە بە بەرچاوی هەموو هێزەکانی ئاسایش و چەکدارە مل پانەکانی حزبە موچەدەرو موچەخۆرەکانی کوردستاندا بێ بەرگەو پاساسپۆرت دێت و دەچێ، وەک کاسپەر وایە ناگیرێت، لەهەموو کەس دەچێ و کەسیش لەو ناچێ، دەمێک لە ڕانیە لە پێشی پێشەوەی خەڵکەکە بووە، قسەی کردووەو خەڵک چەپڵەی بۆ لێداوە. لەکەلار هێرشی بردووە و موڵک وماڵی بەرپرسانی سوتاندووە، لە کۆبوونەوەکانی گروپی پەرلەمانی سەرشەقامدا لە هەولێرئامادەیی هەبووە، ئاکرێ ی بەسەر کردۆتەوە، لەگەڵ خەڵکی شۆرجەو ڕەحیمئاوا لە کەرکوکدا خۆپیشاندانی کردووە، تاوناتاوێکیش خوێندکارانی زانکۆکانی سلێمانی و کۆیەو هەولێر بەسەر دەکاتەوەو دەیانهێنێتە سەر شەقام ولە دوایین کاری تیرۆریستیشیداو لەشانزەی سێدا لە هەڵەبجە بازاڕی قیبلەی کەسابەتی دەسەڵاتدارانی سوتاندووە کە ناسراوە بە "مۆنیمێنتی هەڵەبجە".

ئەم دەستە هەمیشە عاشقی ئاژاوە و گۆڵمەزنانەوە بووە، بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە ئاژاوەگێڕە، کارێزمایەکی سەیری هەیە. ئەم دەستە هەمیشە هاوڕێی بێ بەشان و دوژمنی دەسەڵات بووە، هاوڕێی بێبەشان بوو لەدژی بەعس، ئێستاش هاوڕێی بێبەشانە لەدژی دەسەڵاتداران و سەرمایەدارانی کورد، دوژمنی بەعس بوو هەرچۆن ئێستا دوژمنی دەسەڵاتدارانی کوردە.

بەڵام خۆ ئەم دەستە هەروا بێ ناونیشان وبێکەس نیە، ئەم دەستە لە قاموسی سیاسیدا ناوی "نارەزایەتی"ە، کە بە ئینگلیزی دەکاتە " Protest "، ئەم وشەیە هەمیشەو بەردەوام چ بۆ بەعس یان بۆ دەسەڵاتدارانی کورد ناوی تری لە خۆ گرتووە وەک "دەستێک" "تابووری پێنج" "مخرب" " غوغائي" و هی تریش هەربۆیە هەر شتێک یان کەسێک ئەم دیاردانەی سەرەوەی بەسەردا ببڕێت لەلایەن دەسەڵاتەوە دەدرێتە بەر دەستڕێژی گوللە، یان وەک هەڵەبجەییەکان ماڵەکانیان دەپشکنرێت، یان دەسگیر دەکرێن و دەخرێنە زیندانەوە.

بەڵام بۆ بەختی ڕەشی دەسەڵاتداران، ئەم دەستە هەرگیزدەسگیرناکرێت، ئەگەر هەڵەبجەییەکانیش وازی لێ بێنن یان ئەم واز لەوان بهێنێت، ئەوا دوو سبەی دەلکێت بە شوێنێکی ترو کۆمەڵێکی ترەوە.

لەشەڕی نێوان دەسەڵاتداران وخەڵکدا، ئەم دەستە بوونی جەبری هەیە. تا دەسەڵاتداران و بەرپرسان لە دزی و چەتەیی خۆیان نەکەون، تا بێمافی و سەرکوت و نەبوونی هەوای ئازاد درێژەی هەبێ، تا زاڵکردنی کۆنەپەرستی و گێژکردن وهەڵخەڵەتاندنی خەڵک لەلایەن عالی جەنابەکانی بزووتنەوەی کوردایەتیەوە بمێنێ ئەم دەستەش هەر دەمێنێ. ئەگەر ئەم دەستە بۆ دەسەڵاتداران، هەڕەشەو ناخۆشی تاعون بێت ئەوا بێ شک دەرگای ئومێدو کلیلی خۆشبەختی خەڵکی بێبەشیشە بۆ گەیشتن بە ئومێدو ئارەزووە کپکراوەکانیان..

22ی مارت 2006